# هاوڕێ بەهجەت لە کراسی سوور دا



کورتە فیلمی کراسی سور بەرهەمی بەرێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلیمانی یە، سەربە وەزارەتی رۆشنبیریە و ئێستا لە بواري مۆنتاژکردن دایە. ئەو کورتە فیلمە لە دەرهێنانی خۆم و سیناریۆی (هاوریٚ قادر رەشید)ە و ئەکتەرە سەرەکیەکانی (گۆنا حەمە صالح، هەڤاڵ عمر و مەریوان نەهرۆ)ن.

(کراسی سور) کورتە فیلمێکی درامیەو ماوەکەی یانزە دەقیقەیە و ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژکردن دایە و باس لەو پیاوانە دەکات کە دلّیان پیسەو خۆیشی خیانەت لە ژنەکەی ئەکات. شایانی ئاماژەیە کاری وێنە گرتنی ئەم کورتە فیلمە لە سلێمانی کراوە. هاورێ بەهجەت پێی راگەیاندنین کە ئەمە دووەمین کاریەتی لە بواری کورتە فیلم و هیواشی دەخواست بەدڵی جەماوەرەکەی بێت.

# دیلمان دیۆ دەڵێ:
# لێدەن لە دەنگی دەهۆڵ



دیلمان دیۆ لەلێدوانێکی تایبەت بە (رۆژی گەل)ی راگەیاند ئێستا ئەلبومێکی نوێی ئامادەیە کە پێکهاتووە لە هەشت تراک و هۆنراوەکان هی (زیاد اسعد، رازاو گەلالّی، محمد شوانی)ن لەگەڵ چەند دانەیەکی فۆلکلۆر. ئاوازەکانیش لەلایەن (زیاد اسعد و حەسەن غفور) دانراون جگە لە بەشێکیان کە خۆم دامناون. هەروەها گوتیشی کلیپ بۆ تراکي سی دەکەم کە گۆرانی (لێدەن لە دەنگی دەهۆڵ)ە و لە هۆنراوەی (محمد شوانی) و ئاوازی خۆمەو حەسەن غەفور دابەشکردنی بۆ ئەنجامداوە.

## خالد حەمەلاو لە پەنجەرەوە بۆ دوایین گۆرانی

خالد حەمەلاو ، دەرهێنەری فیلمی (پەنجەرە) کە بەژداری لە ڤیستیڤالّی (ئەڤین فیلم) کرد، کە لە چەند رۆژی رابردوو لەماوەی چوار رۆژدا لە هەولێر بەرێوەچوو. ئێستا پرۆژەی کورتە فیلمێکی سینەمایی لەبەردەستدایە بەناوی (دوایین گۆرانی)کە لە نووسین و



دەرهێنانی خالد حەمەلاو خۆیەتی و بەرێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی بەرهەمی دەهێنێت. ئەم فیلمە ماوەکەی دە تا دوانزە دەقیقە دةبێت و ناوەرۆکەکەی باس لە خۆشەویستی ژن و پیاوێک دەکات کە تەمەنێکیان گوزەراندووە، لە سەرەتای گەنجیان تاوەکو دوایین ساتی پیریان. ئەوەی ماوە بلێین خالد حەمەلاو پێی راگەیاندین کە لە ماوەیەکی کورتی داهاتوو دەست بەکاری وێنەگرتنی ئەم کورتە فیلمەدەکەن.

## شەوکەت ئەمین دوای پەڕینەوە لە غوبار



دوای ئەوەی بەهۆی فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) سینەما کاری کورد شوەکەت ئەمین بووە خاوەنی جەندین خەلاّتی گرانبەها لە ڤیستڤاڵەکانی ئەوروپا کە جێگای دلّخۆشی کوردان بوو، ئێستا خەریکی نووسینی سیناریۆی فیلمێکی سینەماییە، ئەو فیلمە کە باس لە کۆمیدێکی تالّ دەکات کە لە کوردستان دەقەومێ.

لە گووتەیەکدا بۆ هەفتەنامەی رۆژی گەل رایگەیاند " ئەو فیلمە لەرووی چیرۆکەوە جیاوازە لە فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) و هەروەک ئەویش بەرهەمی کۆمپانیایی نارین فیلم) دەبێت و ستافی وێنەگرتن لە دەرەوە دەهێنێ هەرچەندە تا ئێستا دیاری نەکراون. هیوای خواست کە کارەکانی تەواو بێت و لە سینەماکانی کوردستان پێشکەش بکرێت.

## کامۆ جەمال لە (منداڵەکانی دۆزەخ)دا



فیلمی (شەوی بێ مانگ)ی کامۆ لە چەند رۆژی رابوردوو بەشداری لە ڤیستڤاڵی کورتە فیلمی کۆمپانیای (ئەڤینی فیلیم) لە هەولێر کرد، کە لە بەرهەمی یەکێتی ژنانە لە سلێمانی و باس لە (توندو تیژی دینی و نەفسی و ئەخلاقی) دەکات.

کامۆ بۆ رۆژی گەلی راگەیاند کە پرۆژەی نوێی فیلمێکە بەناوی (منداڵەکانی دۆزەخ) کە لەگەڵ سۆڵی فیلم کاری بۆ دەکات، هەروەها گووتیشی "ئەم فیلمە سیناریۆکەی هی خۆمەو لەلایەن کاک جەمیل رۆستەمی قبووڵ کراوە، هەر خۆشم کاري دەرهێنانم بۆ کردووە".

# قەڵەمێک



(زانکۆ سەردار)

## پاسەوانە قارەمانەکان

دەستان خۆش، کورە بەجەرگەکانی وولاّتەکەم. سەردەمانێک خاوەنەکانتان و پاشانیش کوڕانی خاوەنەکانتان ئازایانەو جەربەزانە هەڵیان دەکوتایە سەر گەنجانی ئەم مەملەکەتەو بەبێ جیاوازی کاروپیشە دەیاندانە بەرشالاّوی شەق و جنێو زۆر جارانیش لەمابەین هەرشەق و جنێوێکدا فیشەکێک خۆی دەردەپەڕاند. ئێستا سەردەم بوەتە سەردەمی ئێوەو هەمان شوێن خاوەن و کوڕانی خاوەنەکانتان هەڵگرتوەتەوەو زۆر جار زیاتر لەوەی ئەوان دەیان کرد ئێوە دەیکەن. ئەوەی ئەوان لایان گران بوو ئێوە لاتان ئاساییە. ئەوان کاتێک گەنجێکیان دەکردە نیشانە بۆ پێکاندن و نمایشی هێزو قودرەتی خۆیان پشتیان بەکەس نەدەبەست و بەتاک و تەنها شەق و جنێوو فیشەکیان بەسەر گەنجاندا دەبەخشیەوە. ئەمما ئێستا ئێوەمانانی قارەمان ناتانەوێ بەتەنها ئەو کارەبکەن نەبادا ماندووبن بۆیە بەدووان و بە سیان و بەدە دەکەونە وێزەی گەنجێک و دوان. بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەو تازاگەرییەی کەئێوە هێناوتانەتە ساحەی کولفی کولی خۆتانەوە..ئەوەتانێ لەیەکێک لەرۆژەکانی مانگی حەوتداو لەبەردەم گەرماوی گەل (حمامی شەعب) ی شەقامی (سابونکران) دا نزیکەی (١٠) بەرێزێکتان بە حزوری جەنابی مەسئولەوە هەڵتان کوتایە سەر گەنجێکی شیرینی فرۆش بەناوی (عبدالرحمن صابر ) و بەو شێوەیەی خۆتان و لیستان لەهەموو جۆرەکانی شەرتان تاقی کردەوە. دواتریش زۆر ئاسایی کاکی خاوەن و بەرپرستان بەهەندێ ببورەو مەبورە بەردێکی نایەسەر کێشەکە.ئەی گەرەکی عەینەی بەکرەجۆ فیشەکێک و دووان. ئیدی پێویست ناکات باس بکەم چونکە بەهەمان شێوەو شێوەکانی دیکە کاکی بەرپرستان بۆی پەردەپۆش کردن . بۆیە دەکرێت لەوەزیاتر بکەن کەدەیکەن چونکە ئێوە گرنگ تەنها ئەوەیە کە خزمەت بە مەسئول و بەرپرسان بکەن ئیدی گەنج و پیرو خەڵکانی رەش و روت چاویان دەردەهات.یەکێن لە حیمایەی بەرپرسێک رۆژێک زۆر بە لەخۆ رازیبونەوە پێی وتم: وەڵلا کاکە وام لە مرورەکەکردو وام تێ هەڵدا. لەرۆژنامەشدا بلاّوبوەوەو نوسرابوو (لەحکومەتیاندا).بەڕاستی عەیبە بەڕاستی داوەشینەو تا ئەوپەڕی ئیفلاسی ئەخلاقیە کەسێک کە تەنها لەبەرئەوەی پشت ئەستورە بەکەسێک بێت و دەست درێژی بکاتە سەر گەنجێک. پیرێک و ئاخر مەسئول و خاوەن دەستەڵاتەکان ئەوەی کە پاسەوان و کارمەندێکی ئێوە دەیکات دڵنیابن نمایشی شعورو رەفتاری ئێوەیە وەک چۆن دەڵێن (منداڵ ئاوێنەی ماڵە) وەهاش پەروەردەی ئەخلاقیاتی ئەو پاسەوانە لە ئەستۆی تۆی مەسئولە. تۆیش ئەو کەسەیت کە بەخوێنی هەزاران گەنجی ئەم نیشتمانە بویتە ئەو کەسەی کە ئێستاکە پێت دەڵێن مەسئول. بۆیە نە هیچ کات تۆ بەئێمە غەریبیت و نەئێمەش بەتۆ. کەواتە دەکرێت ڕاستگۆیانە پێت بڵێم چۆن میللەت توانی بەخوێنی هەزاران گەنج خۆی لەدەستی دیکتاتۆرترین پیاوی دنیا کە درەندەیەک بوو قوتار بکات. هەمان شێوەش دەتوانێ لەدەست ئێوەو پاسەوانە قارەمانەکانتان قوتاربکات.

وەلێ بەخۆداچونەوە شتێکی عەیبە نیە. بۆیە دەقیقەیەک زووتر بەکارو کردەوەکانتاندا بچنەوە درەنگە. کەواتە با من درێژەی نەدەمێ و ئێوەش هێندە درێژەدەرنەبن. دڵنیاش بن هەر دایکێک لەیەکەم دزیکردنی کوڕەکەی پەردەپۆش کەر بوو لە کۆتایدا زمان قرتاو دەبێت دڵنیام ئەو چیرۆکی دایک و دزو زمان قرتاوییەشتان بیستووە.

Zanko_sardar@yahoo.com

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

ئۆفیسی سلێمانی: گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com

ئۆفیسی هەولێر: شەقامی ئاراس ، بالاّخانەی هیوا، نهۆمی سێ ، ژمارە ٢٠، ژمارەی تەلەفۆن :٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩ ئۆفیسی کەرکوک : حەسیرەکە، بەرانبەر قەیسەری چوارباخ، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠